ژوری توێژینەوەکان

سیاسی، ئابوری و ستراتیجیەکان

# هێرشەکانی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان

## لێکەوتەو سیناریۆکان

گەیلان عەباس



ئابی ٢٠٢٠

# هێرشەکانی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان

# لێکەوتەو سیناریۆکان

نوسین و ئامادەکردنی: گەیلان عەباس

ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان_گۆشەی سیاسی

**Email: research.gorran@gmail.com**

ئابی ٢٠٢٠

## پێڕست

**دەستپێک** ..... ٣

**مێژوی ئۆپەراسیۆن و هێرشەکانی تورکیا لەهەرێمی کوردستان** ..... ٥

**پێگەو بنکە سەربازییەکانی تورکیا لەسنوری هەرێمی کوردستان** ..... ٧

**هەماهەنگی تورکیاو ئێران و لایەنی دیکە لەهێرشەکاندا** ..... ١٢

**ئامانجی ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا** ..... ١٤

**کاردانەوەکانی هەرێم و بەغدا لەسەر لەشکرکێشی و ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا** ..... ١٦

**لێکەوتەو زیانی هێرشەکانی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان** ..... ٢١

**سیناریۆ و ئەگەرە چاوەڕوانکراوەکان** ..... ٢٧

**ئەنجام** ..... ٣٢

**لیستی سەرچاوەکان** ..... ٣٣

## دەستپێک

تورکیا، بەدیاریکراویش حکومەتی ئاکپارتی ماوەی زیاتر لە پێنج ساڵە، بەدیدێکی ناسیۆنالیستیانە، دەستیکردوەتە سنوردارکردنی کاروچالاکی پارت و گروپە سیاسی و شۆرشگێرییەکانی کورد، لەسەر ئاستی تورکیاو باکوری کوردستان، لەوێشەوە بۆ رۆژئاوای کوردستان، لە ئێستاشدا ئەو سیاسەتەی لەرێی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانییەوە درێژ کردوەتەوە بۆ سنوری باشورو هەرێمی کوردستان.

حکومەتی تورکیا لەساڵی ٢٠١٥ دوای راگرتنی پرۆسەی ئاشتی لەتورکیا، دواتر ئۆپەراسیۆنەکانی دژ بەتیرۆری راگەیاند، لێکەوتەکانی ئەم هەنگاوە، شەڕی بردە شارەکانی باکوری کوردستان، بەوهۆیەوە چەندین شارو شارۆچکەی باکوری کوردستان خاپورکران، دۆخەکە لەم ئاستەدا نەوەستا، دواتر خۆی بینییەوە لەدەستگرتن بەسەر شارەوانیەکانی باکوری کوردستان و دەستگیرکردنی سەرۆکی شارەوانیەکان، دوای ئەم هەنگاوەش دەستگیرکردنی هاوسەرۆک و پەرلەمانتارو چالاکانی هەدەپە دەستیپێکرد. لەلایەکی دیکەوە حکومەتی تورکیا بەبیانوی کودەتا سەرنەکەوتوەکەی ساڵی ٢٠١٦، لەرێگەی یاسای تیرۆرەوە، دەستیکرد بەپاکتاوی سیاسی چالاکانی کورد لەتورکیادا.

لەهەنگاوی دواتردا حکومەتی ئێستای تورکیا، بەپاساوی پاراستنی سنورو ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەی، پەلاماری سنورەکانی رۆژئاوای کوردستانیدا، ئەوەش بەئامانجی کۆتاییهێنان بەخواستی دروستکردنی قەوارەیەکی کوردی لەرۆژئاوای کوردستان، هاوکات هەوڵدان بۆ لەناوبردن و سرینەوەی چالاکی گروپە چەکدارییەکانی رۆژئاوای کوردستان، کەتورکیا بە درێژکراوەی خەباتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی باکوری کوردستان و پەکەکە لەقەڵەمیان دەدات.

تورکیا لەماوەی چوار ساڵی رابردودا سێ ئۆپەراسیۆنی جیاجیای لەسنورەکانی رۆژئاوای کوردستان ئەنجامداوە، بەناوی ئۆپەراسیۆنەکانی (قەڵغانی فورات، چڵە زەیتون و کانی ئاشتی...)، تورکیا بەو هێرش و پەلامارانەی کردیە سەر رۆژئاوا، توانی نزیکەی ١٠% شارو شارۆچکە لەناوچە سنورییەکانی رۆژئاوای کوردستان داگیربکات، لەگرنگترینیان (عەفرین و گرێ سپی و سەرێ کانی ...)بون، کە بەئێستاشەوە لەژێر دەستیدا ماوەو هێزی تورکی و هێزە توندڕەوەکانی پشتیوانی تورکیایان تیادا جێگیرکراوە.

تورکیا بەم هەنگاوانە تارادەیەک توانی خەباتی چەکداری و چالاکییەکانی کورد بەتایبەت لەنێو تورکیادا سنورداربکات، لەسوریاش توانی پێگەی خۆیی لەچاو رابردودا بەرامبەر هێزە کوردییەکانی رۆژئاوا بەهێز بکات و سنورێکی بەرفراوانی نێوان پارێزگا کوردییەکانی رۆژئاوای کوردستان داگیربکات. دوای جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانەی پلانی دواتری تورکیا خۆی بینییەوە لەپەلاماردان و لەشکرکێشی بۆسەر سنوری باشوری کوردستان و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی ئاسمانی و زەمینی لەژێر ناوی ئۆپەراسیۆنی (چنگی پڵنگ و چنگی هەڵۆ)، دژی پەکەکە، لەنێو خاکی هەرێمی کوردستاندا.

تورکیا ماوەی ٣٧ ساڵە بەبەردەوامی ئۆپەراسیۆنی سەربازی و هێرشی جیاجیای کردوەتە سەرناوچە سنورییەکان، ئەوەش لەژێر پاساوی پاراستنی ئەمنی قەومی و لەناوبردنی پەکەکە، لەئێستاشدا دەستیکردوەتەوە بەو ئۆپەراسیۆنانەی و ماوەی زیاتر لەدو مانگە لەرێگەی ئاسمان و زەوییەوە پەلاماری ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان دەدات، هاوکات لەپاڵ هێرشەکانیدا سوپای تورکیا ئەمجارە بەقوڵایی نزیکیە ٤٠ کیلۆمەتر هاتوەتە نێو خاکی هەرێمەوە، ئەمەش مەترسییەکی جدی بۆ ئایندەی هەرێمی کوردستان زیادکردوەو پێشبینی لێکەوتەی سلبی لێچاوەڕوان دەکرێت.

هەوڵدەدەین لەمیانەی ئەم راپۆرتە شیکارییەدا تیشک بخەینە سەر کۆمەڵێک لایەن پەیوەست بەم بابەتەوە، لەوانەش (مێژوی ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا لەهەرێمی کوردستان، پێگەی سەربازی تورکیا لەئێستای ناوچە جیاوازەکانی هەرێمدا، گفتوگۆکردن دەربارەی ئامانج و پلان و ستراتیژی تورکیا لە ئەنجامدانی ئەم هێرش و ئۆپەراسیۆنانە بۆ سەر ناوچە جیاوازەکانی هەرێم، زیان و لێکەوتەکانی ئەم هێرشانە، کاردانەوە ناوخۆیی و عێراقییەکان بەرامبەر لەشکرکێشیەکانی تورکیا، پێشبینی بۆ سیناریۆ و ئەگەرە چاوەروانکراوەکان لەماوەی داهاتودا ... ئەمانەو چەند پرسێکی دیکە)، لەمیانەی ئەم راپۆرتەدا هەوڵدەدەین بەوردی سەرنجیان بخەینە سەرو فتوگۆیان لەبارەوە بکەین.

## مێژوی ئۆپەراسیۆن و هێرشەکانی تورکیا لەهەرێمی کوردستان

تورکیا لەساڵی ١٩٨٣ ڕێککەوتنێکی ئەمنی و سەربازی لەگەڵ حکومەتی عێراق ئەنجامدا. ئامانجی ڕێککەوتنەکە لەوکاتدا بۆ سنوردارکردنی چالاکیی جوڵانەوە کوردییەکانی باکورو باشوری کوردستان بو. بەپێی ڕێککەوتنەکە، هەردولا ڕێککەتبون لەسەر ئەوەی کە تورکیا و عێراق دەتوانن تا ١٠ کیلۆمەتر بچنە قوڵایی خاکی یەکترەو لەکاتێکدا کەروبەروی هێرش و مەترسی هێزە کوردییەکان بونەوە.

تورکیا پشت بەست بەم ڕێککەوتننامەیە، یەکەم ئۆپەراسیۆنی سەربازی تورکیا لە ٢٥ ئایاری ١٩٨٣ بەبەشداری ٧ هەزار سەرباز دەستپێکردو لەژێرناوی (ئۆپەراسیۆنی چاودێریکردنی گەرم)، لەو ئۆپەراسیۆنەدا زیاتر لەپێنج کیلۆمەتر سنوری هەرێمی کوردستانی عێراقیان بەزاند. یەکەم ئۆپەراسیۆنی ئاسمانی تورکیاش لە ١٢ی ئابی ١٩٨٦ ئەنجامدرا.

روداوەکانی ساڵانی ١٩٨٨تا١٩٩١، کەخۆیان بینییەوە لە کۆتایهاتنی شەری ئێران عێراق و داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراق و گەردەلولی بیابان دژ بەعێراق لەکوەیت و سەپاندنی گەمارۆی نێودەولەتی بەسەر عێراقدا، هەلی بەصشییە تورکیا کە سود لەبۆشایی ئەمنی سەر سنورەکان وەربگرێت و جارێکی دیکە دەستیکردەوە بەئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکانی دەرەوەی سنور. بەتایبەتیش پاش دامەزراندنی حکومەتی هەرێم و دروستبونی پەیوەندی لەو نێوانەدا.

ئەوەبو ئۆپەراسیۆنی (سوپەرگە- گسک لێدان) لەمانگی ئابی ١٩٩١ دەستپێکردو تا تشرینی یەکەمی ١٩٩١ بەردەوام بوو. تورکیا لەساڵی ١٩٩٢-١٩٩٤ بەردەوام بو لەلەشکرکێشی و ئۆپەراسیۆنی سەربازی بۆسەر خاکی هەرێمی کوردستان. ئۆپەراسیۆنی دەرەوەی سنوری ٢٨ی کانونی دوەمی ١٩٩٤ دژی کامپی زەلّێ یەکێک بو لە ئۆپەراسیۆنە گەورەکان کەتیایدا ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتی مەدەنی شەهیدو بریندابون.

تورکیا لەئازاری ١٩٩٥ ئۆپەراسیۆنی (چەلیک-ئاسن)ی بەبەشداری ژمارەیەکی زۆر سەرباز بۆسەر خاکی هەرێم ئەنجامداو نزیکەی ٤٥ رۆژ بەردەوامبو.

ساڵی ١٩٩٦ تورکیا پلانی روبەروبونەوەی لەدژی پەکەکە گۆری. بەجۆرێک کانونی دوەمی ١٩٩٦ تورکیا بەلیوایەکەوە هاتە نێو خاکی هەرێم و بەرەسمی دەستیکرد بەدروستکردنی

بنکەی سەربازی و خۆجێگیرکردن لەناو قوڵای خاکی هەرێمدا. دواتر پشت بەست بە بونی سەربازییان لەناو هەرێمدا لەساڵی ١٩٩٧ ئۆپەراسیۆنی (چەکوش)یان ئەنجامدا، دواتر لەساڵی ١٩٩٨-٢٠٠٠ ئۆپەراسیۆنەکانی (چەکیچی و مورادو سەندویچ)ی بەدوادا هات.لەگەڵ ئەنجامدانی هەر ئۆپەراسیۆنێکیشدا تورکیا زیاتر خۆی خزاندوەتە خاکی هەرێم و ژمارەی سەربازو بنکەکانی زیاتر کردوە.

لەوکاتەشەوە تا ئەمرۆ تورکیا بەردەوامە لەسەر ئەمجۆرە سیاسەتە. لەئێستاشدا بەگوێرەی زانیارییەکانی حکومەتی تورکیا، ئەو وڵاتە ٣٧ بنکەو بارەگای سەربازیان لەنێو خاکی هەرێمی کوردستاندا هەیە.

ماوەی ساڵانی ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٧، ئۆپەراسیۆنەکانی دەرەوەی سنور راگیران، بەڵام لە٣ی تشرینی دوەمی ٢٠٠٧ و لەسەردەمی فەرمانرەوای ئاکپارتیدا دوبارە هێرش و پەلامارەکانی تورکیا بۆسەر هەرێمەکانی پاراستنی مەدیا بەهاکاری فرۆکەی بێفرۆکەوانی ئەمەریکی دەستیانپێکردەوە. دواتر لە١ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٧ تا ١ی کانونی ٢٠٠٨ تورکیا هێرش و ئیەراسیۆنی زەمینی بەرفراوانی بۆسەر ناوچەی خواکورک و هەرێمی زاپ ئەنجامدا.

پەلامارو بۆردومانەکانی تورکیا ناوە ناوە لەسنوری هەرێمی کوردستان بەردەوام بو، زۆرجار هاوڵاتیانی مەدەنیش دەکرانە ئامانج، لەنمونەی کۆمەڵکوژی ئەو خێزانە ٧ کەسییەی کەلەسەر رێگای کورتەک رانییە لە ٢١ی ئابی ٢٠١١ ئۆتۆمبێلەکەیان کرایە ئامانجی فرۆکەکانی تورکیاو سەرجەمیان شەهید بون، کەچواریان منداڵ بون. لەساڵی ٢٠١٢ لەچوارچێوەی دەستپێکی پرۆسەی ئاشتیدا پەلامارو هێرشەکان تارادەیەک خاوبونەوە و پەکەکەش ئاگربەستی راگەیاند.

لە٢٤ی تەموزی ٢٠١٥ تورکیا دەستیکردەوە بەهێرشی ئاسمانی و هەرێمەکانی(قەندیل، مەتینا، هەفتانین، ئاڤاشین، خواکورک، خنێرەو گارە)ی بە ٥٠ فرۆکە بۆردومانکرد. ئەم هێرشە هاوکات بو لەهێرش و پاکتاوی سیاسی لەباکوری کوردستان لەو ساڵەدا.

تورکیا لە ١٤ی کانونی یەکەمی ٢٠١٧دا لە ناوچەی شەمزینانی جۆلەمێرگەوە، دەستی کردەوە بەهێرشکردن بۆسەر خاکی هەرێمی کوردستان و بە کۆپتەر ژمارەیەکی زۆر سەربازی لە ناوچەکانی (گەلیی رەش، چیای سیرۆ، چیای ئەڤدۆلکۆفی، ئاڤا حاجی بەگ) دابەزاندو بە قوڵایی ٣٠ کیلۆمەتر هاتە ناو خاکێ هەرێمەوەو لەناوچەی (لێلکان، چیادێڵ و

چەند شوێنێکی تر) بنکەی نوێی سەربازیی دروستکرد. تورکیا بەردەوامبو لەئۆپەراسیۆنەکانی لە٢٧ی ئایاری ٢٠١٩ ئۆپەراسیۆنی(پەنجە)ی بەهاوکاری فرۆکە جەنگیەکانی دەستپێکرد. لەهەمو ئەم هێرشانەشدا بەردەوام هاوڵاتیانی مەدەنی بونەتە قوربانی یەکەمی پەلامارو بۆردومانەکانی تورکیا.

ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە (جەبار یاوەر) رایگەیاند:" لە ١ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٥ەوە تاوەکو ٣١ی کانونی یەکەمی ٢٠١٨، تورکیا ٣٩٨ جار هێرشی ئاسمانی و بۆردومان و ٤٢٥ جاریش بە تۆپخانەکانی هێرشی کردوەتە سەر ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان و ٢٨٨ گوند لەو هێرشانەدا کراونەتە ئامانج".

بەمجۆرە سوپای تورکیا ماوەی ٣٧ ساڵە بەپاساوی ئاسایشی نەتەوەیی و لەناوبردنی پەکەکە، بەردەوامە لەشکرکێشی و پەلاماری ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان کردوە. لەم ساڵانەی دوایدا ستراتیژی خۆی گۆڕیوەو زیاتر دەستی بە دروستکردنی بنکەی سەربازی و هەواڵگری کردوە لەناو خاکی هەرێمی کوردستاندا. ئەمە لەلایەک جۆرێکە لەپێشێلکاری یاسای نێودەوڵەتی و سەرەوەری عێراق، لەلایەکی دیکە هەنگاوێکی داگیرکارییە بۆمانەوە، هاوکات خواستێکە بۆ ئەوەی هەرکات ویستی لەنێو خاکی هەرێمەوە بتوانێت بەئاسانترین شێوە پەلاماری پەکەکە بدات.

## پێگەو بنکە سەربازییەکانی تورکیا لەسنوری هەرێمی کوردستان

تورکیا چەندین ناوەندو بنکەی سەربازی ئاشکراو بارەگای نهێنی هەواڵگری لەهەرێمی کوردستاندا هەیە، تا بەر لەئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنە ئاسمانییەکەی رۆژی (١٥)ی حوزەیرانی (٢٠٢٠)، بەگوێرەی زانیارییەکانی دەزگاکانی نزیک لەپەکەکە، ژمارەی بنکەو بارگە سەربازی و هەواڵگرییەرکانی تورکیا لەسنوری هەرێمی کوردستان نزیکەی ٣٠ بنکەو بارەگای سەربازی بون، لەدیارترینیشیان بریتی بون لە:


(بنکەی سەربازیی باتوفا، بنکەی سەربازیی کانی ماسی (گردی باروخ)، بارەگای سەربازیی و لۆجستی و فرۆکەخانەی بامەڕنی، بنکەی سەربازیی سنک، بنکەی سەربازیی بێگۆڤا (گردی بی)، بنکەی سەربازیی گەلیی زاخۆ، بنکەی سەربازیی سیرێ (شیلادزێ)، بنکەی سەربازیی سیرێ (شیرتێ)، بنکەی سەربازیی کوپکێ، بنکەی سەربازیی قمرێ لە بەرواری،

بنکەی سەربازیی کۆخێ سپی، بارەگای سەربازیی چیای سەرزێڕی، بارەگای سەربازیی شارەدێی زێلکان لە بناری چیای مەقلوب، بنکەی سەربازیی باشیک (باشوری ڕۆژهەڵاتی موسڵ)، بارەگای سەرێ دووپشک (گردی مەلا یەحیا)، بارەگای دێرەشیش، بنکەی سەربازیی چیادێل، بنکەی سەربازیی لێلکان، بارەگای سەربازیی چیای کتکین، بارەگای سەربازیی دەرگای داوەتییە (هەفتانین)، بارەگای گردی پارتیزان لە هەفتانین، بارەگای گردی کۆنفرانس لە هەفتانین ...هتد).

بەڵام دوای دەستپێکردنی هەردو ئۆپەراسیۆنی (چنگی هەڵۆ و چنگی پڵنگ) لەرۆژانی ١٥و١٧ی حوزەیرانی ٢٠٢٠، بۆسەر پێگەکانی پەکەکە لە باشوری کوردستان و ناوچەی هەفتانین لە سنووری زاخۆ. ژمارەی ئەم بنکە سەربازی و هەواڵگریانەی تورکیا لەسنوری هەرێمی کوردستان لەماوەی یەک مانگدا زیادی کرد بۆ ٣٧ بنکە. ئەوەبو رۆژی دووشەممە ٦ی تەموزی٢٠٢٠ سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا لە تویتەر، نوێترین نەخشەی هێزەکانی تورکیای لەسنوری هەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە[١].

بەپێی نەخشەکە، دەردەکەوێت کە تورکیا لەئێستادا ٣٧ خاڵ و بنکەی سەربازی لەسنوری ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بونیادناوەو هێزەکانی تیادا جێگیرکردوە. بنکە سەربازییەکانی تورکیاش لە سنوری سۆرانەوە لە باکوری رۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە دەستپێدەکەن، تاوەکو سنوری زاخۆ لە باکوری رۆژئاوای هەرێمی کوردستان درێژ دەبنەوە، هاوکات سێ بنکەی سەربازیشی لە نزیک هەولێر و باشیک و دهۆک لەنەخشەکەی تورکیادا دەستنیشانکراوە. لەلایەکی دیکەوە نەخشەکەی تورکیا، ئەو شوێنانەشی دیاریکردوە کە وڵاتی تورکیا بە ناوچەی ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغداو ناوچە دابڕاوەکانیشی دیاریکردوە.

١ نەخشەی نوێترین بنکە سەربازییەکانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان، لەلایەن پەرەی فەرمی سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا لە تویتەر بڵاوکرایەوە، بەڵام دواتر بەهۆی رەخنەی توندی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئەو وڵاتە و دروستبونی کاردانەوەی نێودەوڵەتی، دەربارەی شکاندنی سەروەری و یەکێتی خاکی عێراق لەلایەن تورکیاوە، نەخشەکەیان لەپەرەکەدا سڕییەوە.




نەخشەی بنکە سەربازییەکانی ئێستای تورکیا کەلەلایەن سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا بڵاوکرایەوە

بەپێی ئەم نەخشەیە، هەموو ئەو شوێنانەی کە هێزەکانی پەکەکەی تیاداجێگیرن، جگە لە چیای قەندیل و خاڵێک لە نزیک قەڵادزێ و شنگال و کامپی مەخمور، بونەتە ناوچەی شەڕی راستەوخۆی نێوان تورکیاو پەکەکە.

لەسەر ئاستی زەمینی تورکیا لەئێستادا چاوی بڕیوەتە دەڤەری برادۆست و لەژمارەیەک ناوچەو گوندی ئەو دەڤەرەدا بەئاشکرا بونی هەیە، بەتایبەتی لەناوچەکانی (لێلیکان، ناومێرگان، خەلکەرە، بیلاسین، خەلیفان، گەلی ڕەش، ئاراقا، خەمە، بەزین، بێناڤۆک، چنارۆ، شاخی کتکن، ڕەشماڵە، شاپان، کانیرەش، قۆنگرە و سوسن).

بێگومان هەڵبژاردنی زۆرێک لەم ناوچانە لەلایەن تورکیاوە، بۆ دامەزراندنی بنکەو بارەگای سەربازیی، پەیوەستە بەگرنگی ستراتیژی ئەو ناوچانەوە، ئەوەش بەمەبەستی

سنورداركردن و دابڕینی جموجۆڵ و چالاكییەكانی پەكەكە لەباشوری كوردستان، لەگەڵ ناوچەكانی باكورو رۆژئاوای كوردستان.

زۆرێک لەوناوچانەی توركیا بنكەی سەربازی تێدا دامەزراندون، ناوەندی ستراتیژیی جموجوڵی پەكەكەن. بۆیە بونی هێزی دیكە لەم ناوچەیەدا، بەو واتایە دێت كە جموجۆڵی نهێنی و رۆژانەی گەریلاكان سنوردار دەكرێت. بەتایبەت لەكاتی ئێستادا كەپەكەک زیاتر لەرابردو پێویستی بەنهێنی و خۆپارێزی هەیە. بەتایبەت دوای ئەوەی ماوەی چەند ساڵێكە، حكومەتی توركیا بەهۆی گەشەسەندنی تەكنەلۆژیاو فرۆكەی بێ فرۆكەوانەوە رۆژانە لەسنوری ناوچەكانی پەكەكە لەهەرێمی كوردستان ئۆپەراسیۆن ئەنجام دەدات، تائێستاش لەو روەوە زیانێكی زۆر بە پەكەكە گەیشتوە. چونكە لەئێستادا توركیا لەم رێگەیەوە، ئاسانتر دەستی دەگات بەوشوێنانەی كە پێشتر بە سەختی دەیتوانی پێیان بگات. لەشكركێشییەكانی ئەم دواییەش، بۆ ئەو مەبەستەیە كەبتوانێت هەمو شێوەیەک جموجۆڵ و چالاكییە مەیدانییەكانی پەكەكە لەنێو قوڵای هەرێمی كوردستاندا كۆنترۆڵ بكات.

بەنمونە لەئێستادا توركیا بەدرێژایی ٤٥ بۆ ٥٠ كیلۆمەتر و قوڵایی ١٥ بۆ ٣٠ كیلۆمەتر هاتوەتە نێو سنوری ناحیەی باتیفا. بەپێی زانیاریەكانیش سوپای توركیا لەئێستادا نۆ شوێن و بەرزایی ستراتیژیی دەڤەری برادۆستی پارێزگای هەولێر جێگیربوە، بەجۆرێک كە تەنها حەوت كیلۆمەتر لە شارۆچكەی سیدەكانەوە دورە. توركیا ئامانجیەتی لەم سنورەشەوە تاوەكو ناوچەكانی خنێرەو نزیک بەربەزین بڕوات.

دوای بڵاوكردنەوەی نەخشەی بنكە سەربازییەكانی توركیا لەناو خاكی هەرێم، مەترسی هەیە ئەو وڵاتە چیتر دەستبەرداری ئەو ناوچانە نەبێت و بە دەردی ئیدلەبی سوریای ببات.

بەپێی ئەم نەخشە بڵاوكراوەی سەرۆكایەتی كۆماری توركیا، كەبەشێک لەبنكە سەربازییەكانی توركیا، بەنزیكەی قوڵایی ٤٠ كیلۆمەتر خاكی هەرێمی كوردستانیان بەزاندوەو یەكە سەربازییەكانی توركیا بەئاشكرا لە نزیک هەولێری پایتەختی هەرێم و نزیک شارەكانی زاخۆ و دهۆک و بەعشیقە بڵاوبونەوەتەوە.

لەمبارەیەوە وتەبێژی وەزارەتی پێشمەرگەی حكومەتی هەرێمی كوردستانیش لەڕۆژی ٢٧ی ٦ی ٢٠٢٠ دانی بەو راستیەداناو رایگەیاند:"سوپای توركیا بە قوڵایی ٢٠ بۆ ٤٠ كیلۆمەتر


و ئێران بەقوڵایی ١٠ کیلۆمەتر سنوری خاکی هەرێمی کوردستانیان بەزاندوەو بارەگای سەربازییان دروستکردوە".

بەم پێیەش دەتوانین بڵێین تورکیا لەئێستادا پشتێنەیەکی ئەمنی و سەربازیی بە درێژایی سنورەکانی هەرێم و بە قوڵایی (٢٠ بۆ ٤٠) کیلۆمەتر لەناو خاکی هەرێمی کوردستاندا دروست کردوە. لێکدانەوەی ئەم هەنگاوەش لەئێستادا چەند ئاماژەیەکی هەیە:

١. تورکیا نیازی نییە چیتر ئەو ناوچانەی هەرێمی کوردستان چۆڵ بکات و لێیان بکشێتەوە، مێژوش سەلماندویەتی هێزی تورکیا بچێتە هەر ناوچەیەک، بەئاسانی دەستبەرداری نابێت و لێی ناکشێتەوە. هاوکات ئەگەر هەیە چەندین خاڵی چاودێریی و بنکەی سەربازیی دیکەش دابمەزرێنێت. بێگومان ئەمەش جۆرێکە لەداگیرکاری. هاوشێوەی ئەوەی لە پارێزگای ئیدلەبی سوریاو بەشێک لە ناوچەکانی باکورو رۆژهەڵاتی سوریا ئەنجامیداوە. لەوێشەوە مافی بە خۆی داوە راستەوخۆ دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆیی سوریادا بکات.

٢. تورکیا بەفیعلی لەهەرێمی کوردستان لەروی هێزی سەربازییەوە تەواجودی هەیەو هەرکات بیەوێت لەناوجەرگەو قوڵایی کوردستانەوە پشت بەست بەو بونە عەسکەریەی کەهەیەتی، ئیعلانی ئۆپەراسیۆنەکانانی دەکات دژ بەپەکە، هاوشێوەی ئەو دو ئۆپەراسیۆنە ئاسمانی و زەمینیەی کەلەم مانگی حوزەیراندا دەستیپێکردو تائێستاش بەردەوامیان هەیە.

٣. تورکیا دەیەوێت لەرێگەی بونی لەنێو قوڵایی خاکی هەرێمی کوردستان، لەلایەک بەوردی ئاگاداری جموجۆڵ و پەیوەندییەکانی نێوان رۆژئاواو باشوری کوردستان بێت، لەلایەکی دیکەش دەخوازێت لەم رێگەیەوە هێڵی پەیوەندی و هاریکاری نێوان هێزەکانی هەسەدە لەباکورو رۆژهەڵاتی سوریا (رۆژئاوای کوردستان)، لەگەڵ هێزەکانی پەکەکە لەناو سنوری هەرێمی کوردستاندا ببرێت.



نەخشەی پشتێنەی ئەمنی تورکیا لە زاخۆوە بۆ سۆران بەقوڵایی ٤٠ کم

## هەماهەنگی تورکیاو ئێران و لایەنی دیکە لەهێرشەکاندا

هەرچەندە تائێستا زانیاری و بەڵگە یاخود نوسراو لێدوانێکی فەرمی نییە لەبارەی بونی هەماهەنگی تورکیاو ئێران دەربارەی هێرش و بۆردومانەکانی ئەم دواییەیان بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان، بەڵام پشت بەست بەرووداوەکان و بۆمبارانکردنی ناوچە سنوریەکانی کوردستان لەلایەن هەریەک لەتورکیاو ئێرانەوە لەیەککاتدا، ئاماژەیەک بون بۆ ئەوەی کەجۆرێک لەهەماهەنگی و لێکتێگەیشتنی ئێران و تورکیا، بەئاگاداربونی لایەنی سێهەم یاخود زیاتر بونی هەبوە، ئەگەر لەئاستێکی دیاریکراویشدا بێت.

یەکێک لەبەڵگەکانی بونی جۆرێک لە هەمەهانگی نێوان تورکیاو ئێران بۆ پەلاماردانی خاکی هەرێم، ئەوەبو رۆژی ١٥ی حوزەیران وەفدی ئێران بەسەرۆکایەتی وەزیری دەرەوە سەردانی تورکیایان کردو لەئیستەنبوڵ لەگەڵ وەفدی تورکیادا کۆبونەوە. دواتر

لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا زەریف رایگەیاند:"لەم کۆبونەوەیەدا لەسەر کۆمەڵێک پرسی هاوبەش کۆبوینەتەوە لەوانە مەسەلەی کۆرۆناو پەیوەندی ئابوری و سیاسی و ئەمنی و پرسی تیرۆر و بەردەوامیدان بەهەماهەنگی نێوانمان لەوبارەیەوە". هەر ئێوارەی ئەو رۆژە تورکیا دەستیکرد بەبۆردومانکردنی ناوچە سنوریەکان و ئێرانیش بەدوایدا دەستیپێکرد.

رۆژی ١٦ی حوزەیران، تورکیا لەسەعات ٩ی بەیانی ناوچەی بەرازکانی لە گوندی ئالانە لەحاجی ئۆمەران بۆردوومانکرد، دوسەعات دواتر ئێرانیش ناوچەکانی کانی رەش، کەندە شین و مارێن لە سنووری گوندی ئالانەی تۆپباران کرد .واتە هەردولا لەیەک رۆژدا یەک ناوچەیان بۆردومانکرد. ئەمەش ئاماژەیەک بو بۆ ئەوەی کەجۆرێک لەهەماهەنگی بونی هەبوە لەنێوان تورکیاو ئێراندا، ئەگەر بەئاست و رێژەیەکی دیاریکراویش بێت. بەتایبەت دوای کۆبونەوەکەی وەزیرانی دەرەوەی هەردو وڵات لەئیستەنبوڵ رۆژێک بەر لەدەستپێکردنی بۆردومانەکانی هەردولا بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان.

لەم نێوانەدا بۆچونێکی دیکەش هەبو، کەپێی وابو حکومەتی عێراق، بەجۆرێک لەجۆرەکان ئاگاداری پلانی ئەو هێرش و پەلاماردانەی تورکیاو ئێرانە. ئەوەش  پشت بەست بەو بەڵگەی سەردانیکردنی هاکان فیدان، بەرپرسی دەزگای هەواڵگری تورکی (میت)، لەرۆژی ١١ی حوزەیرانی ٢٠٢٠و دور لەچاوی راگەیاندنەکان، بۆ بەغدای پایتەخت و چاوپێکەوتنی لەگەڵ مستەفا کازمی سەرۆک وەزیرانی عێراق. هەرچەندە هیچ زانیارییەک لەسەر ئەو سەردانە لەمیدیای فەرمی هیچ لایەکیاندا ئاشکرانەکرا، بەڵام پشت بەست بەروداوەکانی چوار رۆژی دوای سەردانەکەی هاکان فیدان بۆ عێراق و دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا لەسەر خاکی هەرێم، ئەو خوێندنەوەیە هاتە بەرباس (لەکۆبونەوەکەدا تورکیا لەگەڵ عێراق لەسەر چەند مەلەفێکی سیاسی و سەربازی و ئەمنی و ئابوری گفتوگۆیانکردوە، تورکیا سەرنجی خۆی لەسەر بونی پەکەکە لەعێراق خستوەتەرو، هاوکات داوای لەحکومەتی عێراق کردوە کۆتایی بەمانۆڕو هاریکاری هاوبەش بهێنێت لەسەر سنوری تورکیا لەگەڵ هێزەکانی هەسەدە. هاوکات تورکیا داوای کردوە حکومەتی عێراق رەزامەندبێت بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی تورکیا دژی پەکەکە لەسەر خاکی عێراق لەقەندیل و شەنگال. هاوکات پێشنیاریشیان کردوە کە ئەگەر حکومەتی عێراق پشتیوانی رەسمی لەم ئۆپەراسیۆنەی تورکیا ناکات لەدژیشی نەبێت). لەبەرامبەر ئەمەدا باس لەوە دەکرێت کە (تورکیا پێشنیاری کردنەوەی دەروازەیەکی نوێی بازرگانی بەروی حکومەتی عێراقدا

کردوە، جیاواز لەدەروازەی فەرمی ئیبراهیم خەلیل لەهەرێمی کوردستان)[٢]. ئەوەی ئەم بۆچونەی بەهێزتر کرد ئەوەبو رۆژی ١ی تەموزی ٢٠٢٠ هێزێکی تایبەتی پاسەوانی سنوری عێراقی چونە ناوچە سنوریەکانی زاخۆ، پاساوی هاتنی ئەو هێزە بۆ ناوچە سنورییەکانی هەرێم، لەمیدیاکاندا واباسکرا کە بۆ پاراستنی سنورەکانە دژی لەشکرکێشی تورکیا، بەڵام ئەمە وەک هەنگاو و لێکەوتەی دانیشتنەکەی کازمی و هاکان فیدان لێکدرایەوە. ئەمەش وەک هەنگاوێک بۆ ئاسانکاری کۆنترۆڵکردنی دەروازە سنورییەکانی هەرێم لەگەڵ تورکیا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە. لەگەڵ کردنەوەی دەروازەیەکی نوێی بازرگانی بەروی عێراق، لەدەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم. بەڵام تائێستا بەڵگەیەکی رەسمی نییە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە عێراق بەشێکە لەم پلانەی نێوان تورکیاو ئێران، یاخود رۆڵی هەیە لەهەمانگی و ئاسانکاری بۆ ئەنجامدانی هێرشەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان. چونکە هەڵوێستە فەرمییەکان و بەیاننامەکانی حکومەتی عێراق، دژ بە پێشێلکردنی سەروەری خاکی عێراق لەشکرکێشی و پەلامارەکانی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان، شتێکی دیکەی پێچەوانەی ئەو خوێندنەوەیەمان پێ دەڵێن، کەپێی وایە عێراق بەشێکە لەو لێکتێگەیشتن و هەماهەنگیەی نێوان تورکیاو ئێران.

## ئامانجی ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا

تورکیا لەئەنجامدانی ئەم ئۆپەراسیۆنەکانەدا کۆمەڵێک ئامانجی هەیە، لەوانەش ئامانجی (ئاشکراو شاراوە)، لەگەڵ ئامانجی (کاتی و ستراتیژی درێژخایەن) کەلێرەدا ئاماژە بۆ هەندێکیان بۆ دەکەین.

تورکیا بەئاشکرا رایگەیاندوە ئامانجی سەرەکی هێرشەکانی، بریتییە لەشەڕو روبەڕوبونەوەی پەکەکە، ئەوەش بەمەبەستی لەناوبردنی پەکەکەو بارەگا سەربازییەکانیان و

٢ هاکان فیدان پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ مەستەفا کازمی سەرۆک وەزیرانی ئێستای عێراقدا هەیە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە کازمی سەرۆکی دەزگای هەواڵگری عێراق بوە لەرابردودا. تائێستاش زانیاری فەرمی لەبارەی و ناوەرۆکی سەردانەکەی هاکان فیدان بۆ بەغداو کۆبونەوەی لەگەڵ مستەفا کازمی، لەمیدیای فەرمی عێراق و تورکیادا بڵاونەکراوەتەوە. ئەو زانیاریانەش بڵاوبونەوەتەوە لەرێگەی چەند سەرچاوەیەکی عێراقیەوە بڵاوکراوەنەتەوە.

لەنێو قوڵای ناوچەکانی هەرێمی کوردستاندا. ئەمەش وەک ئامانجێکی سەرەکی و ڕاگەیەندراو ئاشکرای ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا باس دەکرێت.

لەبەرامبەر ئەمەدا، چەند ئامانجێکی دیکەی شاراوە و نهێنی و ستراتیژی تورکیا لەپشت ئەم هێرشانەوە خۆیان مەڵاز داوە، لەدیارترینیان پەیوەستە بەخواستی تورکیا بۆ پاوانخوازی و فراوانخوازی سنورەکانی و سەپاندنی هەژمونی خۆی بەسەر ناوچەکەدا. بە واتایەکی دیکە خەونی گەڕانەوە بۆ دەستکەوتە مێژوییەکانی سەردەمی عوسمانی. لەم سەردەمەشدا هەنگاوە کردەییەکانی ئەم خواستەی تورکیا بەئاشکرا لەهێرش و لەشکرکێشییەکانی دیکەی تورکیادا بۆ داگیرکردنی ناوچەکانی باکوری سوریا (ڕۆژئاوای کوردستان) و لەشکرکێشی تورکیا بۆ وڵاتی لیبیاو خواستی بۆ پەلاماردانی یۆنان و یارمەتیدانی ئازەربایجان دژی ئەرمەنستان بەئاشکرا دەبیندرێت. ئەوەشی پەیوەستە بەهەرێمی کوردستانەوە، دەسەڵاتدارانی تورکیا لەچەندین بۆنەداو بەئاشکرا و پشت بەست بەنەخشەی (پەیماننامەی عەهدی میللی)، ئەم ناوچەیە بەبەشێکی دانەبڕاو لە خاکی تورکیا دەزانن. لەم پێناوەشدا پەکەکە بوەتە باشترین پاساو بۆ ئەوەی تورکیا، بەناوی پاراستنی ئەمنی قەومی و ئاسایشی سنورەکانی و خۆپارێزی، لەماوەی ٣٧ ساڵی ڕابردودا بەبەردەوامی هێزی سەربازی ڕەوانەی خاکی کوردستان بکات. لەئێستاشدا بەفەرمی چەندین بنکەو بارەگای سەربازی و هەواڵگری تورکیا لەم سنورەدا دامەزرێندراون، ڕۆژانەش زۆر بەئازادانە لەم ناوچانەدا بەپێچەوانەی هەمو پرەنسیپێکی یاسای و نێودەوڵەتی، بەپشتگیری بۆردومانی بەردەوام، هێرش و ئۆپەراسیۆن و چالاکی سەربازی و ئەمنی و هەواڵگری ئەنجام دەدەن.

ئەم ئۆپەراسیۆنانەی تورکیا، لەدیوە شاراوەو ستراتیژیەکەیدا ئامانج لێی بەهێزکردن و سەپاندنی حزوری تورکیایە بەسەر خاکی هەرێمی کوردستاندا، ئەوەش لەرێی ئەو ناوەند و بنکە سەربازیانەی کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردودا تورکیا لەم هەرێمەدا دروستی کردون، واتە تورکیا دەخوازێت نفوزو دەسەڵاتی خۆیی لەکوردستان، وەک ناوچەیەک کەبەمافی دێرینی خۆیی دەزانێت، بەهێزترو جێگیرتر بکات و لەوێوە هەرکات ویستی هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی دیکەی بدات، لەنمونەی هێرشکردنە سەر قەندیل و شەنگال لەداهاتدوا.

لەلایەکی دیکەوە تورکیا ئامانجیەتی بەم هێرش و پەلامارانە بتوانێت لەنێو قوڵای خاکی هەرێمی کوردستاندا پشتێنەیەکیی ئەمنی بەقوڵایی ٤٠ بۆ ٥٠ کیلۆمەتر و درێژایی زیاتر لە ٥٠ کیلۆمەتر دروستبکات. ئەمەش بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی جموجۆڵ و چالاکییەکانی پەکەکەو دابڕینی هێڵی پەیوەندی لەنێوان قەندیل لەگەڵ شەنگال و ڕۆژئاواو باکوری کوردستان.

لەگەڵ هەمو ئەمانەدا، دەکرێت بڵێین ئامانجی کاتی تورکیا لەئەنجامدانی ئەم هێرشانەدا بۆ ئەوەیە کە لەرێی ئەم ئۆپەراسیۆنانەوە بتوانێت لەرێگەی میدیاوە توانا و هێزی تەکنەلۆژیای سەربازی خۆی لە ناوچەکەدا نمایش بکات. هاوکات پەیامێکی هەرێمی و نێودەوڵەتیش بگەیەنێتە ولأتانی ناوچەکەو جیهان بەتایبەتیش (عێراق و ئێران و ئەمەریکا).

لەدیوە ستراتیجیەکەشەوە تورکیا ئامانجیەتی ڕۆڵ و پێگەی خۆیی، لەنێو هاوکێشە و ململانێ سیاسی و هەرێمییەکانی ناوچەکەدا بسەلمێنێ و بسەپێنێت، بەدیاریکراویش لەنێو ململانێ سیاسی و مەزهەبی و نەتەوەییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستاندا... ئەمانەو چەندین خواست و ئامانجی دیکە.

## کاردانەوەکانی هەرێم و بەغدا لەسەر لەشکرکێشی و ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا

ڕۆژی ٢٠ی حوزەیران وتەبێژی حکومەتی هەرێم لەبارەی هێرش و پەلامارەکانی تورکیاوە لەراگەیەندراوێکی بڵاوکردەوەو تیایدا دو پەیامیان ئاراستەی تورکیاو پەکەکە کرد:"داوایان لەتورکیا کرد ڕێز لە سەروەری خاک و نیشتیمانی هەرێمی کوردستان بگرێت و داواشیان لەپەکەکە کرد کە ناوچە سنوریەکانی هەرێمی کوردستان چۆڵ بکەن تا چیتر نەبنە هۆکار بۆ دروستکردنی پشێوی لەو ناوچانەدا".

بەڵام لەم ڕاگەیەندراوەدا هیچ ئاماژەو هەڵویستێکی جدی تێدا نەبو بەئاراستەی داواکردن بۆ ڕاگرتنی لەشکرکێشی و ئۆپەراسیۆنەکان و دەرکردنی هێزەکانی تورکیا لەخاکی هەرێم.

بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە حکومەتی هەرێم دەتوانێت چی بکات لەم پێناوەدا؟. ئاشکرایە دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێم، بەدیاریکراوی پارتی دیموکرات، پەیوەندییەکی پتەوەییان

هەیە لەگەڵ حکومەتی ئاکپارتیدا، ئەوان دەتوانن لەرێگەی پەیوەندی دیبلۆماسییەوە داوا لەتورکیا بکەن بۆ ئەوەی بیر لەرێگەچارەی دیکە بکاتەوەو هێرش و پەلامارو ئۆپەراسیۆنەکانی رابگرێت، یاخود دەستبکات بەکشانەوەی بنکە سەربازییەکانی لەخاکی هەرێمی کوردستان. خۆ ئەگەر ئەم رێکارە ئامانجی نەپێکا ئەو کات حکومەتی هەرێم، دەتوانێت بەرەسمی داوا لەسوپای تورکیا بکات خاکی هەرێم و چۆڵ بکات و بنکە سەربازییەکانیان بکشێننەوە، یاخود خاکی هەرێم بەکارنەهێنن بۆ ئامانجەکانی خۆیی. لەم پێناوەشدا حکومەتی هەرێم چەند کارتێکی لەبەردەستە دەتوانێت بەکاریان بهێنێت، ئەوەش لەنمونەی بریاری ژمارە ٣٨ی ساڵی ٢٠٠٣ی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، بۆ دەرکردنی سوپای تورکیا لەسەر خاکی هەرێم. لەلایەکی دیکەوە لە ساڵی ٢٠١١دا نزیکەی یەک ملیۆن واژۆ بۆ دەرکردنی سوپای تورکیا لەخاکی هەرێم کۆکرایەوەو داواکارییەکەی پێشکەشی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کرا. جارێکی دیکە رۆژی ١٥ی مانگی ١٠ی ٢٠١٩، لەپەرلەمانی کوردستان لەسەرهێرشەکانی تورکیا بۆسەر رۆژئاوای کوردستان، بریارێکی ١١ خاڵی دەرکرا، تیایدا پەرلەمانتاران داوای دەرکردنی سوپای تورکیایان کرد لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان. ئەوە جگە لەوەی بەبەردەوامی، هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان دژ بونی سوپای تورکیا لەسەر خاکی هەرێم خۆپیشاندان و نارەزایەتییان نیشان داوە و داوای دەرکردنی سوپای تورکیان کردوە. پێویستە هەمو ئەمانە بکرێنە دۆسییەیەک وەک داواکارییەکی گشتی خەڵکی کوردستان پێشکەشی باڵوێزخانەو کونسوڵخانەی تورکیاوە لەبەغداو هەولێر بکرێن. بەڵام تائێستا حکومەتی هەرێم، بەدەم جێبەجێکردنی ئەو داواکاریی و بریارانەوە نەچوە، یاخود راستر بگوترێت لەو پێناوەدا هەنگاوی جدی هەڵنەگرتوە.

لەحاڵەتێکدا ئەگەر تورکیا وەڵامی رەسمی داواکاریەکانی حکومەتی هەرێمی نەدایەوە، ئەو کات حکومەتی هەرێم دەتوانێت لەرێی حکومەتی ناوەندەوە لەبەغدا، فشارەکانی بۆ سەر تورکیا زیادبکات بۆ چۆڵکردنی خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان. پەرلەمانی عێراقیش چەند بریارێکی دەرکردوە لەبارەی چۆڵکردنی خاکی عێراق لەلایەن هێزە بیانیەکانەوە وەک ئەو بریارەی لەبەرواری ٥ی ١ی ٢٠٢٠ بەدەنگی زۆرینەی پەرلەمانتارانی شیعە دەرکرا بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکاو هێزە بیانیەکانی دیکە لەسەر خاکی عێراق. راستە ئەم بریارە زیاتر مەبەست لێی کردنە دەرەوەی هێزەکانی ئەمەریکابو لەعێراق، بەڵام

لەناوەرۆکی بریارەکەدا باس لەنەمانی هێزە بیانییەکان دەکات لەسەرخاکی عێراق، بێگومان لەئەگەری جێبەجێکردنیدا هێزەکانی تورکیاش دەگرێتەوە.

لەحاڵەتێکیشدا ئەگەر تورکیا بەپاساوی بەردەوامی هەرەشەکانی پەکەکە دژ بەئەمنی قەومی ئامادە نەبو مل بۆ حکومەتی عێراقیش بدات، ئەوکات عێراق دەتوانێت پەنا بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ببات بۆ فشار خستنە سەر تورکیا. لەناوەندە عێراقیەکانیشدا باس لەوەدەکرێت کەهەوڵێک هەیە لەلایەن لیژنەی ئاسایش و بەرگریی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بۆ ئەوەی لە نەتەوە یەکگرتوەکان سکالایان لەدژی پێشێلکاریەکانی تورکیا بۆسەر عێراق تۆماربکەن. ئەمەش جۆرێکە لەفشاری عێراق بۆسەر تورکیا بەمەبەستی رێزگرتن لەسەروەری عێراق و راگرتنی لەشکرکێشیە بەردەوامەکانی بۆسەر خاکی عێراق. بەڵام تا ئێستا جوڵەیەکی لەمجۆرە نەکراوە،

لەمبارەیەوە (گاتع نەجمان)، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی دەوڵەتی یاسا دەڵێت"ئەو خەونەی تورکیا نویَ نییەو بەدیهێنانی زۆر ئەستەمە (مەبەست لەداگیرکردنی بەشێک لەخاکی عێراق)، پێویستە حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر ئەو لەشکرکێشییەی تورکیا هاوهەڵوێست بن، لەشکرکێشییەکەی تورکیا پێشێلکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و پرەنسیپەکانی دراوسێتییە، پێویستە حکومەتی عێراق لە نەتەوەیەکگرتوەکان و ئەنجومەنی ئاسایش سکاڵا دژی تورکیا تۆماربکات".

هاوکات (یەحیا ئەحمەد)، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە هاوپەیمانیی وەتەنییە دەڵێت:"بەزاندنی سنووری عێراق لەلایەن تورکیاوە پێشێلکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانە، پێویستە حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان سنورێک بۆ بەزاندنی سنور لەلایەن تورکیا دابنێن، هەروەها دەبێت حکومەتی عێراق هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات بۆ رێگرتن لە هاتنی هێزی سەربازیی تورکیا".

لەلایەکی دیکەوە هەندێک لەبەرپرسانی حکومەتی هەرێم، بەرامبەر نەبونی هەڵوێستی جدی بۆ رێگری لەهێرش و لەشکرکێشیەکانی تورکیا، پاساوی ئەوە دەهێننەوە کەئەوکارە لەتوانای ئەواندا نییە، هاوکات باس لەوەدەکەن کە ئەو کارە لەرویی دەستوریشەوە بەشێکە لەمەهامی حکومەتی ناوەندی عێراقی، لەمبارەیەوە جەبار یاوەر ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە لەمبارەیەوە دەڵێت:"لە روی دەستوری و یاساییەوە ئەرکی پاراستنی سنورو

ئاسمانی هەمو عێراق، لە ئەستۆی حکومەتی عێراقی فیدراڵە، بەئاسمان و سنوری هەرێمی کوردستانیشەوە، هاوکات دەسەڵاتی فڕینی هەر فڕۆکەیەک بەسەر ئاسمانی عێراقدا لەدەسەڵاتی فڕۆکەوانیی عێراقە. ئەوە بەهیچ جۆرێک لەدەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا نیە".

لەبەرامبەردا (هاکان کاراچای) کونسوڵی گشتیی تورکیا لە هەولێر دەربارەی ئەگەری کشانەوەو راگرتنی ئۆپەراسیۆنەکانیان لەخاکی هەرێم رۆژی ١٥ی تەموز لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند:"تا هەڕەشەکانی پەکەکە لەسەر تورکیا بەردەوام بن، سوپای تورکیا بەردەوام دەبێت لە مانەوە لەناو خاکی هەرێمی کوردستاندا، تا ئەو کاتەی کۆتاییان پێ دەهێنرێت".

هاوکات (حامی ئاکسۆی)، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا وەڵامی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دەرەوەی عێراقی دایەوەو لە رێگەی راگەیێنراوێکەوە رایگەیاند "تورکیا لە دژی هەر چالاکییەکی روخێنەر کە لە خاکی عێراقەوە دەکرێتە سەر سنورو ئاسایش و سەقامگیرییەکەی، لە چوارچێوەی یاسای بەرگری لەخۆکردنی نێودەوڵەتیی رەوادا لەسەر گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست پێداگر دەبێت".

ئەمەش ئاماژەیەکی رونە بۆ ئەوەی تورکیا بەپاساوی شەڕ دژی پەکەکە، شەرعیەت دەدات بەمانەوەی هێزەکانی لەخاکی هەرێمی کوردستان و پێناچێت وابەئاسانی خاکی هەرێمی کوردستان لەئایندەیەکی نزیکدا چۆڵبکات.

بەردەوامی هێرشەکانی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان و کردنە ئامانجی هێزێکی پاسەوانی سنوریی عێراق لەسیدەکان ئاستی کاردانەوەکانی عێراقی بەرامبەر بەتورکیا خستە قۆناغێکی دیکەوە. ئەوەبو رۆژی ١٢ی ئاب، وەزارەتی دەرەوەی عێراق، وەک نارەزایەتییەک بەرامبەر بەردەوامی پێشێلکاری و هێرش و بۆردومانەکانی تورکیا بۆسەر خاکی عێراق، بریاریدا بە هەڵوەشاندنەوەی سەردانی وەزیری بەرگری تورکیا (خلوسی ئاکار)ی بۆ عێراق، کەوابریاربو رۆژی پێنج شەممە ١٣ی ئاب، بەسەردانێکی رەسمی بگاتە بەغدا. بەمەبەستی کۆبونەوە لەگەڵ بەرپرسانی عێراق و تاوتوێکردنی ئاڵۆزییەکانی سەر سنوری نێوان عێراق و تورکیا.

هاوکات وەزارەتی دەرەوەی عێراق بۆردومانی فرۆکەکانی تورکیای بۆسەر هێزەکانی پاسەوانی سنوری عێراقی بەکارێکی دوژمنکارانەو پێشێلکردنی سەروەریی خاکی عێراق

ناساند. لەراگەیەندراوێکدا ئاشکرایکرد:"بەهۆی پێشێلکارییە بەردەوامەکانی سوپای توركیا، دژی سەروەریی خاكی عێراق و بەتایبەتیش لەبارەی بۆردومانەكەی سێشەممە ١١ی ئاب لە ناوچەی سیدەکان، (فاتیح یەڵدز) باڵیۆزی تورکیا لەبەغدا بانگهێشتکراوەو یاداشتنامەیەکی پێدراوە، تیایدا بەرپرسیارێتی دەستدرێژییەکەی خستە ئەستۆی حکومەتی تورکیا و داوای رونکردنەوەی هۆکارەکانی و سزادانی ئەنجامدەرانیشی کردوە. لەهەمان یاداشتنامەدا وەزارەتی دەرەوەی عێراقدا پێداگری لە گرنگی وەستاندنی دەستبەجێی بۆردومانەکانی سوپای تورکیاو پاشەکشەپێکردنی هێزەکانی تورکیای لە تەواوی خاکی عێراق کردوە.

لەلەیەکی دیکەوە، (ئەحمەد سەحاف)، وتەبێژی فەرمی وەزارەتی دەرەوەی عێراق بە کەناڵی عێراقیەی راگەیاند:"بۆ رێگری کردن لە دەستدرێژییەکانی تورکیا بۆ سەر سەرورەی خاکی عێراق، چەندەها کارتی فشارمان لەبەردەستن تا بەکاریان بێنین بەرامبەر تورکیا، لەنمونەی راگرتنی مامەڵەی بازرگانی کەبرەکەی (١٦) ملیار دۆلاری ساڵانەیە، دەرکردنی دەیان کۆمپانیای تورکی و پەنابردنەبەر پەیوەندی نێودەوڵەتی و عەرەبی بۆ فشار خستنە سەر تورکیا".

دۆخەکە لەم ئاستەدا نەوەستاوە، بەجۆرێک کە هەندێک بەرپرسی عێراقی باس لەپەنابردنە بەر کارت و فشاری سەربازی دەکەن، بەرامبەر تورکیا. (بەدر زەیادی) ئەندامی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی سائیرون رۆژی چوارشەممە ١٢ی ئاب، رایگەیاند "دەبێت حکومەتی عێراق هەڵوێستی توندتر بەرامبەر تورکیا بگرێتەبەرو پەنا بۆ پەیوەندییەکانی و وڵاتانی دیکە ببات بۆ راگرتنی زیادەڕەوییەکانی تورکیا، ئەگەرنا دەبێت پەنا بۆ بژاردەی سەربازی دژی هێزەکانی تورکیا بەرێت لە خاکی عێراقدا".

لەم چوارچێوەیەشدا (یەحیا رەسول زوبەیدی) وتەبێژی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا رایگەیاند:"بەزاندنی سەروەری خاکی عێراق هێڵی سورە و سوپاکەمان چەندین رێگای لەبەردەستدایە بۆ وەڵامدانەوەی تورکیا".

دو رۆژ دواتر، ئەحمەد وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی عێراق بە ئاژانسی هەواڵی عێراقی رایگەیاند؛"عێراق رێککەوتنی ساڵی (٢٠٠٩)ی نێوان هەردو وڵاتی هەڵوەشاندوەتەوە، کەتایبەت بو بەمامەڵەو هاتوچۆی نێوان هەردو وڵات، مۆڵەتیش بە هیچ هاتنە ناوەوەیەک

نادات له دەروازە زەمینی و ئاسمانیەکان و تەواوی گەشتەکانی بەرپرسانی تورکیا بۆ عێراق له نێویشیاندا سەردانی وەزیری بەرگری، دوجاریش باڵیۆزی تورکیا له بەغدا بانگهێشت کراوەو دو یاداشتنامەی توندی لەسەر هێرشەکانی تورکیاو پێشێلی سەرەوەری عێراقی پێدراوەو داواشکراوە تورکیا ئەنجامدەرانی هێرشەکەی سیدەکان ئاشکرابکات و سزایان بدات".

سەحاف وتیشی:"عێراق بۆ بەرگریکردن له مافەکانی پشت به یاسا نێودەوڵەتییەکان دەبەستێت بەڵام هەوڵی دیپلۆماسی دەتوانێت ئەم ئاڵۆزییانه خاو بکاتەوە."

هەرچەندە تائێستا هەماهەنگی لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدادا نییه دەربارەی هەڵوێست وەرگرتن و سنوردانان له دژی لەشکرکێشی و پەلامارەکانی هەریەک لەتورکیاو ئێران بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان. هەر ئەمەش دەستکراوەی زیاتری بەخشیوەتە بەتورکیا بۆ بەردەوامیدان بەهێرش و پەلامارەکانی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پشت بەست بە هەڵویست و لێدوانی ئێستای بەرپرسانی عێراق، بەتایبەت دوای هێرشەکەی تورکیا بۆسەر یەکەیەکی پاسەوانی سنوری عێراق لەسیدەکان، هەست بەوە دەکرێت کەحکومەتی بەغدا بەرەسمی دەستیکردوە بەفشارکردن لەتورکیا بۆ راگرتنی هێرش و پەلامارەکانی بۆسەر خاکی هەرێمی کوردستان. ئەمەش هەلێکە بۆئەوەی حکومەتی هەرێم، بیقۆزێتەوەو دەنگی نارەزایەتی خۆیی بخاتە پاڵ دەنگی حکومەتی ناوەند بۆ فشارکردن لەتورکیا، بەمەبەستی راگرتن و کۆتای هێنان بەلەشکرکێشی و هێرش و ئۆپەراسیۆنەکانی.

شایەنی باسە تائێستا تورکیا بەرەسمی هیچ وەڵامێکی فشارەکانی حکومەتی عێراقی نەداوەتەوەو لای خۆیەوە بەردەوامە لەبۆردومان و پەلامارو پێشێلکارییەکانی.

## لێکەوتەو زیانی هێرشەکانی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان

١. تورکیا لەماوەی ئۆپەراسیۆنەکانی یەک مانگی رابردویدا تا ئێستا، ئەوەی کە پەیوەست بوبێت بەگورزی بەهێزو لێدانی روخێنەر له پەکەکە، بەئامانجی لەناوبردنی ئەو هێزە، نەیتوانیوە ئامانجە سەرەکی و ئاشکراکەی بپێکێت.

٢. توركيا لەرێگەی ئۆپەراسیۆنەکانیەوە توانیەویەتی ژمارەی هێزەکانی لەنێو خاک و سنوری هەرێمی کوردستاندا زیاد بکات، هاوکات توانیویەتی هەژمون و باڵادەستی خۆیی بسەپێنێت بەسەر ئەو ناوچانەی کەبنکەی سەربازی تیادا دامەزراندون لەنێو قوڵای خاکی کوردستاندا.

٣. توركيا لەرێی ئۆپەراسیۆنەکانەوە جۆرێک لە سیاسەتی مانۆڕی سەربازی و نیشاندانی هێزی بەسەر بەشێکی گرنگی سنورو ئاسمانی هەرێمی کوردستانی عێراق لەگەڵ تورکیادا نمایشکردوە.

٤. توركيا بەم هەنگاوانەی ئەم دواییەی پەیامێکی گەیاندە حکومەتی عێراق و وڵاتانی دیکەی وەک ئەمەریکا و ئێران، بەوەی کە تورکیاش یەکێکە لە گەمەکەرانی ناوچەکە و دەتوانێت لە ململانێکانی وڵاتێکی پر کێشەی وەک عێراقدا رۆڵی هەبێت.

٥. ئەوەی تا ئەم ساتە بیندراوە بۆ توركيا تەنها جۆرێک بوە لەدەسکەوت و مانۆڕی ئیعلامی و مەعنەوی، یاخود بەشۆ کردنی ئەو ئۆپەراسیۆنانە لەمیدیا و دەزگاکانی تورکیادا وەک ئۆپەراسیۆنێکی سەرکەوتوی سنوری بەرفراوانی توركيا لەسەر خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان. لەکاتێکدا راستی روداوەکانی دو مانگی رابردوی ئۆپەراسیۆنەکان دەریدەخەن کە ئۆپەراسیۆنەکانی توركيا، لەسنوری هەرێمی کوردستان، شتێکی نوێ نەبون بۆ توركيا، بەڵکو درێژکراوەی ئۆپەراسیۆنەکانی ساڵانی رابردوی بوە. هەر بۆیە لەواقیعدا ئۆپەراسیۆنەکان دەسکەوتێکی گەورەی سەربازی و ئەمنی و ستراتیژیان بۆ توركيا بەدەستنەهێناوە.

٦. توركيا لەماوەیەکی کەمدا ژمارەی بنکەو بارەگاکانی لەنێو خاکی هەرێمی کوردستان لە ٣٠ بنکەوە زیادکردوە بۆ ٣٧ بنکە، ئەمەش ئاماژەیەکی رونە بۆ ئەوەی کە توركيا لەخاکی هەرێمی کوردستاندا دەمێنێتەوەو بەتەواوکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەم دوایەشی ئامادە نابێت خاکی هەرێم چۆڵ بکات. ئەمەش هەرێمی کوردستان دەخاتە بەردەم مەترسی داگیرکردنی توركيا لەداهاتودا، بەوپێیەی بەرپرسانی توركيا لەچەندین بۆنەدا بەئاشکرا رایانگەیاندوە کەئەم ناوچەیە هاوشێوەی چەندین ناوچەی دیکە، بەپێی نەخشەی عەهدی میللی بەشێکن لەمیراتی عوسمانی و خاکی توركيا، بۆیە هەرکات بتوانن دەیگەرێننەوە بۆ سەر نەخشەی توركيا.

٧. بەپێی زانیارییەکان لەئەنجامی هێرشەکانی تورکیا، تائێستا روبەری زیاتر لەچوار هەزار دۆنم پاوان، رەزو باخی ناوچە سنورییەکان سوتاون و لەناوچون. ژمارەی گوندە چۆڵکراوەکان بەردەوام لەزیادبوندان. تەنها لەمساڵدا ٢٠ گوند لە سنوری ناوچەی سیدەکان چۆڵکراون. تورکیاش بەردەوامە لەدروستکردنی رێگەی ئۆتۆمبێل و دروستکردنی قەڵای سەربازی لەو ناوچانەدا.

٨. لیژنەی پێشمەرگەو ناوخۆ لەپەرلەمانی کوردستان، رۆژی ٢٧ی تەموزی ٢٠٢٠ راپۆرتێکی هاوبەشیان سەبارەت بە هێرش و سنوربەزاندنەکانی تورکیا بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان خستە رو. بەپێی راپۆرتەکە سوپای تورکیا تەنها لە قەزای زاخۆ، بەدرێژایی (٤٠٠) کیلۆمەتر و قوڵایی (١٥) کیلۆمەتر هاتونەتە ناو سنوری ئەو قەزایەوە و تەنها لە رۆژی پێنجی حوزەیران نزیکەی (٦٦٩) تۆپ و (٧٠) موشەک و ئاراستەی گوندەکانی زاخۆ کراون. هەر بەپێی راپۆرتەکە؛ پێشتر لەو سنورە تەنها چوار بارەگای هێزەکانی تورکیا لەو هەبون، بەڵام ئێستا (١٨) بارەگای دیکە بونیان هەیە.

لە راپۆرتەکەدا هاتوە؛ لە قەزای ئامێدی لە کۆی (٣٤٨) گوند (١٩٨) گوند چۆڵکراون، تا ئێستا لە سنوری قەزای ئامێدی (٢٨) شەهید و چوار بریندار هەبوە، ناحیەی چەمانکێ کە دەکەوێتە بەرواری ژێری لای چیای گارە نزیکەی (١٠٠) کیلۆمەتر لە سنوری تورکیا دورە (٧٢) گوندی هەیە، (٨٠%) گوندەکان چۆڵن.

لەراپۆرتەکەدا هاتوە لیژنە ناحیەی کانی ماسێ بەرواری باڵا نزیکەی (١٧) بنکەی لەشکری تورکیا لەناو خاکی کوردستان دانراوە، لە ناحیەی شێلادزێ لە کۆی (٩٢) گوند نزیکەی (٨٥) گوند چۆڵکراون، لە ناحیەی دێرەلوک لە کۆی (٥٦) گوندو کۆمەڵگە تەنیا (١٤) گوند و دو کۆمەڵگە خەڵک تێدا نیشتەجێن.

ناحیەی دینارتە، لە قەزای ئاکرێ، زیانێکی زۆری بەرکەوتوە لە چوارچێوەی هێرشەکانی تورکیا، لە کۆی ٩١ گوند نزیکەی ٢٤ گوند چۆڵکراون.

سەبارەت بە سنوری پارێزگای هەولێریش، لە ناحیەی مێرگەسور (٥٥) گوند چۆڵکراون، لە چۆمان (١٥) گوند، لە ناحیەی سیدەکانی سەر بە قەزای سۆران (١٠٤) گوند چۆڵکراون، سەرەڕای سوتانی پوش و پاوەن و رەزو و باخ و

لەناوچونی هەزاران مەڕ و ماڵات لەوەرگەیەکی زۆر لە تەواوی گوندو دەڤەرەکان، کەزیانەکانی بەدەیان ملیۆن دۆلار دەخەملێندرێت، بەگوێرەی راپۆرتی یەکە ئیدارییەکان.

٩. لەئەنجامی بەردەوامی بۆردومانەکانی تورکیاو ئێران بۆ ناوچە سنورییەکان، ژمارەی قوربانیانی لەریزی هاولاتیانی سڤیل و گوندنشینانی ئەو ناوچانە لەبەرزبونەوەدایە.

تیمی عێراقی رێکخراوی (سی پی تی) دەربارەی ئاسەواری هێرشەکانی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان لە٢٣ی تەمموزی٢٠٢٠ رایانگەیاند:"لەساتەوەختی راگەیاندنی هێرشی ئاسمانی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان لە ژێر ناوی چنگی هەڵۆ و چنگی پڵنگدا، زیاتر لە شەش هاوڵاتی مەدەنی شەهید بون و چوار هاوڵاتیش بریندارбون، جگە لە سوتانی چەندین رەز و باخ و کێڵگەی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری هاوڵاتیان."

رێکخراوەکە ئاشکراشی کردوە لە مانگی ئابی ساڵی (٢٠١٥)ەوە، تائێستا فڕۆکە جەنگییەکان و فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان و تۆپخانەکانی تورکیا بونەتە هۆی شەهیدکردنی زیاتر لە (٨٥)ی هاوڵاتی مەدەنی و بریندارکردنی زیاتر لە (٩٥) هاوڵاتی دیکە مەدەنی.

رێکخراوەکە ئاماژەی بەوەشکردوە، لەو (٨٥) هاوڵاتییەی لە ماوەی پێنج ساڵی رابردو شەهیدبون، (١٥) کەسیان تەنها لە شەش مانگی یەکەمی (٢٠٢٠)دا، شەهید کراون.

١٠. دەربارەی ژمارەی هێرشەکانی تورکیاو ئێران بۆسەر خاکی هەرێمی کوردستان لەماوەی چەند مانگی رابردو ژمارەی زیانەکان، جەبار یاوەر، ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە رایگەیاند:"لەماوەی شەش مانگدا واتە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ تاکو کۆتایی مانگی پێنج، ١٣٧ هێرشی ئاسمانی و زەمینی کراوەتە سەر سنورەکانی هەرێمی کوردستان، ١٣٥ هێرشیان لەلایەن تورکیاوە ئەنجامدراوەو ٨٥ جار لە ئاسمانەوە بوە، ٥٠ جار لە رێگەی تۆپهاوێژەکانەوە بوە، ٢ هێرشیشیان لەلایەن ئێرانەوە ئەنجامدراوە".

جەبار یاوەر راشیگەیاندوە:"لە ماوەی تەنیا یەک مانگی هێرشەکانی تورکیادا، نزیکەی ١٠٠ گوند لە سنوری زاخۆ و ئامێدی بەهۆی بۆردومانەکانەوە بە تەواوەتی چۆڵکراون، پێشتریش نزیکەی ٤٥٠ گوند لەسەرتاسەری ناوچە سنوورییەکان چۆڵکراون و بە دەیان هاووڵاتیی سڤیلیش شەهیدبوون و رەز و باخی خەڵک سووتاون و مەڕوماڵاتی خەڵک کوژراون".


١١. سەرەرای بەردەوامی پەلامارو هێرشەکانی تورکیا، بەڵام بەراورد بەدو مانگی رابردو، جوڵەو هێرشی زەمینی تورکیا، تارادەیەک کەمیکردوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەئاسمانەوە رۆژانە فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا بەردەوامن لەبۆردومان و پەلاماردانی ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی ناوچە سنورییەکان، لەسنوری پارێزگای دهۆک. ئەمانەش چەند نمونەیەکی ئەو پەلامارانەن کە لەکۆتای مانگی تەمموز و مانگی ئابدا ئەنجامدراون و ژمارەیەک قوربانیان لێکەوتوەتەوە:

- ✓ ئێوارەی رۆژی ٢٦ی تەممووزدا ئەنجامدراوە لەسنوری پارێزگای دهۆک، لە نزیک گوندی هەست پیرکای سەر بە ناحیەی بامەڕنی، فرۆکەکانی تورکیا دو ئۆتۆمبێلیان کردە ئامانج و لەئەنجامدا دو هاوڵاتی سیڤیلی ناوچەکە شەهید بون.
- ✓ رۆژی ٧ی ئاب فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا، لەدوکاتی جیاوازدا شاخی بالۆسیان لەقەزای ماوەت بۆردومانکردو لەهێرشەکەدا زیانێکی زۆر بەر رەز و باخی هاوڵاتیانی ئەو ناوچەیە کەوت، کەبە نزیکەی ١٠٠ دۆنم پوش و پاوان و رەزو باخ مەزەندە دەکرێت. هاوکات هێرشەکە زیانی گیانیشی لێکەوتەوە، لەوبارەیەوە فەرماندەیی یەکینەکانی پاراستنی رۆژهەڵاتی کوردستان (یەرەکە) ئاشکرایکرد کە لەوهێرشە ئاسمانییەدا لە سنوری قەزای ماوەتی ناوچەی شارباژێر، حەوت گەریلات پژاک دو گەنجی وڵاتپارێز شەهیدبون. راشیانگەیاند: لەو هێرشانەدا دەستی سیخوڕی ناوخۆیی هەیە.
- ✓ لەلایەکی دیکەوە ئێوارەی رۆژی ١١ی ئاب، فرۆکە جەنگییەکانی تورکیا، لەسنوری ناوچەی برادۆست لەناحیەی سیدەکان، بۆردومانی ئۆتۆمبێلێکی یەکەی پاسەوانی سنوری سەر بە سوپای عێراقیان کرد، لەئەنجامدا دو ئەفسەری باڵای پاسەوانی

سنوری عێراقی، بەرەگەز کورد، شەهید بون و ژمارەیەک ئەفسەرو سەربازی هەمان یەکەش برینداربون.

- ✓ شەوی ١٣ی ئاب، فرۆکە جەنگییەکانی تورکیا لە گوندی ڕەشانکێی سەر بە ناحیەی زاوێتەی سنوری پارێزگای دهۆک، ئۆتۆبێلێکیان بۆردومانکرد، بەهۆیەوە سێ کەس شەهید بون و کەسێکیش بریندار بو.
- ✓ پێش نیوەرۆی ١٤ی ئاب، فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا ئۆتۆمبێلێکیان لە ناو گوندی ئەرەدنا لە قەزای ئامێدی سەر بە پارێزگای دهۆک کردە ئامانج. لەئەنجامدا سێ کەس لە ناو ئۆتۆمبێلەکەدا هەبون، دوانیان گیانیان لەدەستدا و کەسێکیشیان بریندار بو.
- ✓ لەلایەکی دیکەوە، ڕۆژی ١٨ی ئاب، هەردوو ناوچەی باڵەکایەتی و برادۆستیان بە چڕی بۆردومان کرا. لە بۆردوومانەکاندا زیان بەر هێڵی گواستنەوەی کارەبای گوندەکانی "دەرا و بێرکم" کەوت و دانیشتوانی ئەو گوندانە بێ کارەبا کران.
- ✓ لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩ی ئاب، لە هێرشێکی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیادا بۆسەر گوندی کانی مەزن لە ئامێدی، بەڕێوەبەری خوێندنگای گوندەکەیان شەهید کرد، کەبەمەبەستی کوژاندنەوەی ئاگری بۆردومانەکە چوو بۆسەر ڕەز و باخەکەی. لەوکاتەدا فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا دوبارە بۆردومانی ئەو ناوچەیەیان کردەوە و شەهیدیان کرد.
- ✓ ئێوارەی ڕۆژی ٢٥ئاب فرۆکەیەکی تورکی دو هێرشیانکردە سەر کۆمەڵگەی خانسۆر لە ناحیەی شمالی قەزای شەنگال، یەکێک لەهێرشەکان کرایە سەر گوندی (بارە) ژمارەی قوربانییەکان نەزانراوە، هاوکات لەگوندی (بهراڤا) ئۆتۆمبێلێکیان کردە ئامانج، بەهۆیەوە دوو هاوڵاتی مەدەنی شەهیدبوون و شۆفێرەکەیان ڕزگاربوو.

بەم جۆرە دەبینین، تورکیا سەرەرای کەمکردنەوەی هێرشە زەمینییەکانی، بەڵام ڕۆژانە لەئاسمانەوە بەردەوامە لە بۆردومانکردنی ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان.




نەخشەی بنکەو بارەگا سەربازییەکانی تورکیا لەناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان

## سیناریۆ و ئەگەرە چاوەڕوانکراوەکان

لەئاکامی روداوەکانی ئەم دواییە، بەتایبەت ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا بۆسەر خاکی هەرێمی کوردستان دەکرێت کۆمەڵێک سیناریۆ بخرێنەرو و پێشبینی بکرێت بۆ روودانی یەکێک لەو سیناریۆیانە لەداهاتودا.

**سیناریۆی یەکەم: راگرتنی ئۆپەراسیۆنەکان: رێککەوتن لەگەڵ عێراق یاخود ئاگربەست لەگەڵ پەکەکە**

یەکێک لە سیناریۆ چاوەڕوانکراوەکان، بریتییە لەخاوبونەوەو راگرتنی ئۆپەراسیۆنەکان. ئەوەش دەرگا لەبەردەم دو ئەگەردا دەکاتەوە:

١. هاتنە ئارایی رێککەوتن و دیالۆگ لەنێوان عێراق و تورکیادا. بۆ رەواندنەوەی گرژییەکانی ئەم دواییەی نێوانیان.
٢. راگەیاندنی ئاگربەست، لەنێوان تورکیاو پەکەکە. بەتایبەت لەسنوری هەرێمی کوردستان.

بێگومان روداني هەريەكە لەم دو ئەگەرە، لەئێستادا زياتر بەنێوەندگيری لايەنی سێهەم دێتە ئاراوە. لەم كاتەشدا بونی هەوڵێكی لەمجۆرە لەجوڵەو لێدوانەكانی هەريەك لەرێكخراوی نەتەوە يەكگرتوەكان و ئەمەريكادا دەخوێندرێتەوە.

بەنمونە نێردراوی نەتەوە يەكگرتوەكان رۆژی١٣ی ئابی ٢٠٢٠ لەپەيامێكدا بۆ عێراق و توركيا رايگەياند:"پێويستە عێراق و توركيا خۆيان كۆنترۆڵبكەن و پشت بەديالۆگ و گفتوگۆببەستن. چونكە زيادبونی گرژييەكانی سەر سنورو بەرزبونەوەی ئاستی زيانە گيانييەكان ئاستی نيگەرانييەكانی هەردولاش زياتر دەكات، بۆيە باشترين ميكانيزم لەو نێوانەدا بريتييە لەرێككەوتن و ديالۆگ، ئەوەش لەپێناو بەديهێنانی ئاسايش لەنێوان سنورو رێزگرتن لەسەروەری نيشتيمانی هەردو وڵات".

لەلايەكی ديكەوە، بەپێی زانيارييەكان، ئەمەريكا چەند جوڵەيەكی كردوە لەپێناوە ئاسايكردنەوەی دۆخەكەو راگرتنی شەڕو ئاگربەست لەنێوان توركياو پەكەكەدا.

بەنمونە دەزگای ئەلمۆنيتەری ئەمريكی، رۆژی ٥ی ئاب شاندێكی ئەمريكی سەردانی قەنديليان كردوەو لەگەڵ بەرپرسانی پەكەكە كۆبونەتەوەو چەند داواكارييەكيان ئاراستەی پەكەكە كردوە. بەتايبەت دەربارەی دۆخی رۆژئاوا. بەجۆرێك داوايان كردوە پەكەكە دەستوەردان لەكاروباری ئيدارەی رۆژئاوای كوردستان نەكات، بۆ ئەوەی توركيا بيانوی دەستوەردانی سەربازی نەبێت. هاوكات پرۆژەيەكی ئاشتيان خستوەتە بەردەم پەكەكە، هاوشێوەی پرۆسەی ئاشتی نێوان تاڵيبان و ئەفغانستان. بەڵام وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەريكا هەواڵی ئەم كۆبونەوەيەی رەتكردەوە.

هەرچەندە ئەم هەواڵە بەفەرمی پشت راست نەكراوەتەوە، بەڵام جوڵەو رێككەوتنی نەوتی ئەمەريكا لەگەڵ ئيدارەی رۆژئاوای كوردستان لەم ماوەيەی رابردودا، بونی هەوڵێكی لەمجۆرە پشتراست دەكەنەوە، بونی ئەم هەوڵەش لەلايەن ئەمەريكا بۆ ئەوەيە جۆرێك لەسەقامگيری بۆ ناوچەكە بگەرێتەوەو ئۆپەراسيۆنەكانی توركيا لەرۆژئاواو باشوری كوردستان خاوببنەوە، ياخود رابگيرێت و جۆرێك لەئاگربەست لەنێوان توركياو پەكەكە بێتە ئاراوە.

**سیناریۆی دوەم: بەردەوامیدان بە ئۆپەراسیۆنەکان**

یەکێکی دیکە لەسیناریۆکان، بریتیە لەبەردەوامیدان بە ئۆپەراسیۆنەکان لەلایەن تورکیاوە لەسنوری هەرێمی کوردستان. لەئێستادا ئۆپەراسیۆنەکان بەفیعلی بەردەوامن، بەڵام تارادەیەک خاوبونەوە بەجوڵەکانی تورکیاوە بەدیدەکرێت، بەتایبەتی لەسەر ئاستی جوڵەو هێرشە زەمینی و مەیدانییەکانی تورکیا. بەڵام هێرش و بۆردومانییە ئاسمانییەکانی تورکیا تا ئێستا رۆژانە لێرەو لەوێ بەردەوامیان هەیە.

**سیناریۆی سێهەم: توندبونەوەی ئۆپەراسیۆنەکان و تێکچونی پەیوەندییەکانی عێراق و تورکیا**

یەکێکی دیکە لەسیناریۆ چاوەڕوانکراوەکان، ئەوەیە کە تورکیا قەبارەو ئاستی هێرشەکانی بەرفراوانتر بکات و پەلامارەکانی بۆ سەر خاکی هەرێم و بارەگاکانی پەکەکە توندتر بکاتەوەو ژمارەی سەربازو بنکە سەربازییەکانیشی زیاتر بکات.

لەئێستادا ئەوەی لەم سێ سیناریۆیەدا چانسی روداني هەیە بریتییە لەسیناریۆی دوەم، دواتر سیناریۆی یەکەم، سیناریۆی سێهەمیش لەئێستادا چانس و ئەگەری روداني دورترە، بەڵام مەحاڵ نییە.

بەوپێیەی لەئێستادا تورکیا هەرچەندە بەفیعلی بەردەوامە لەسەر هێرش و ئۆپەراسیۆنەکانی لەسەر خاکی هەرێم و تەنانەت لەرۆژئاوای کوردستان، بەڵام ئاست و قەبارەی هێرش و پەلامارەکانی بەرادەی رابردو نییە. بەنمونە لەهەرێمی کوردستان دو مانگ زیاترە دەستیکردوە بەئۆپەراسیۆنی زەمینی و ئاسماني، لەئێستادا ئۆپەراسیۆنە زەمینییەکانی تارادەیەک خاوبونەوتەوە، بەڵام ئەوەی زیاتر بەردەوامە تائێستا، بریتییە لە بۆردومان و هێرشە ئاسمانییەکانی تورکیا. کەواتە لەگەڵ بەردەوامی و تێپەربونی کاتدا تورکیا ئاستی هێرشەکانی سنوردار دەکات، لەئەگەری کەمبونەوەی زیاتری هێرشەکانی تورکیا، چانسی سیناریۆی یەکەم بەهێزتر دەبێت، کەخۆی دەبینێتەوە لەراوەستانی ئۆپەراسیۆنەکان و ناچالاککردنی جوڵەی سەربازی لەنێوان تورکیاو پەکەکە لەسەر خاکی هەرێم و هاتنە ناوەوەی لایەنی سێهەم بۆ دانوستانکردن لەگەڵ هەردولادا بەئامانجی راگرتنی ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا. ئەوەی چانسی روداني ئەم سیناریۆیە بەهێزتر دەکات، ئەوەیە کەتورکیا توانیوەیەتی لەماوەی دومانگی رابردودا بەفیعلی پشتێنەیەکی ئەمنی لەنێو قوڵای

خاكی هەرێم دروست بكات و قەبارەی بنكەو سەربازییەكانی و ژمارەی سەربازەكانیشی لەخاكی هەرێم زیاد كردوە، بۆ ئێستای توركیا لەوانەیە ئەمە ئامانجێكی پۆزەتیڤ بێت تاوەكو وای لێبكات لەم قۆناغەدا بوەستێت و ئاستی هێرشەكانی سنورداربكات. هاوكات لەلێكدانەوەی ئەزمون و مێژوی ئۆپەراسیۆنەكانی سالانی رابردوی توركیا، ئەوە دەردەكەوێت كە ئۆپەراسیۆنەكانی توركیا، ماوەكەیان لەدومانگ یان زیاتری نەخایاندوەو توركیا كۆتایی پێهێناون و دوایی ماوەیەكی دیكەو لەژێر ناوێكی دیكەدا ئۆپەراسیۆنی دیكەی دەستپێكردوەو درێژەی بەلەشكركێشی خۆی داوە لەسەر خاكی هەرێمی كوردستان.

ئەوەی پەیوەستە بەسیناریۆی سێهەمەوە، ئەوەیە كە ئەم سیناریۆیە ئەگەری رودانی مەحاڵ نییە، بەڵام لەئێستادا تارادەیەک چانسی رودانی دورترە.

مەحاڵ نییە، چونكە هەڵوێستە تاكلایەنەكانی عێراق بەرامبەر بە توركیا، ئەوە دەخوێندرێتەوە كەعێراق دەخوازێت ئاستی پەیوەندییەكانی لەگەڵ توركیا بخاتە دۆخێكی دیكەوە، ئەگەر بەئاستێكی دیاریكراویش بێت.

كەدەڵێین چانسی رودانی دورترە، چونكە هەڵوێستە دژەكان زیاتر تاكلایەنە، وەک دەبینین عێراق لایخۆیەوە لەكاردانەوەی بەردەوامی هێرشەكان هەندێک رێكاری گرتوەتەبەر، لەبەرامبەردا تائێستا توركیا كاردانەوەی نییە. لەلەیەكی دیكەوە ئاشكرایە كەپەیوەندییەكی بەهێزی ئابوری و سیاسی لەنێوان هەردو وڵاتدا هەیە. رودانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی و دوستكردنی بنكەی سەربازی توركیا لەعێراقدا شتێكی نوێ نییە، بۆیە ئەم روداوانە نەگانە ئەوەی دۆخی پەیوەندییەكانی هەردولا تێكبچن. بەوپێیەی لەچەند ساڵی رابردوشدا ئەم ئۆپەراسیۆنانەی توركیا رویانداوە، لەبەرامبەردا بۆماوەیەک جۆرێک لەساردی و نیگەرانی لەنێوان هەردولادا دروستكردوە، بەڵام بەتێپەربونی كات دۆخی نێوانیان ئاسایی بوەتەوە. هاوكات نەبونی وەڵامی فەرمی توركیاش بۆ رێكارەكانی وەک (هەڵوەشاندنەوەی سەردانی وەزیری بەرگری توركیا بۆ بەغداو راگرتنی گەشتی بەرپرسانی توركیا بۆ عێراق و هەڵوەشاندنەوەی رێككەوتنی ساڵی ٢٠٠٨ی نێوانیان). دەرگایەیكی دیكە دەكاتەوە لەبەردەم ئاساییبونەوەی پەیوەندییەكانی نێوانیان لەداهاتویەكی نزیكدا.

لەلایەکی ترەوە دوای تێپەربونی ئەو ماوەیە بەسەر ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا لەسەر خاکی هەرێم، لەئێستادا هەست بەخاوبونەوەی جوڵەکانی تورکیا دەکرێت و بەردەوامی ئۆپەراسیۆنەکانیش لەروی سەربازییەوە زیانی گیانی و مادیی بۆ تورکیا هەبوە. لەئێستادا بونی دەنگی نارەزایی لەسەر جوڵە سەربازییەکانی تورکیا لەسوریاو لیبیاو عێراق و قوبرس ...هتد فشاری بۆ سەر حکومەتی تورکیا دروستکردوە، ئەوە جگە لەخراپی دۆخی ئابوری و دابەزینی بێ وێنەی بەهای لیرەی تورکی بەرامبەر دۆلاری ئەمەریکی، هەمو ئەمانە وادەکەن کە تورکیا لەم قۆناغەدا ئاستی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق تێکنەدات و هەوڵبدات ئاستی هێرشەکانی سنوردارتر بکات نەک توندتریان بکاتەوە.

## ئەنجام

ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا لەهەرێمی کوردستان شتێکی نوێ نییەو ریشەیەکی مێژویی هەیە. بەڵام ئەوەی ئەمجارە بۆ قەوارەی هەرێمی کوردستان جێگەی مەترسیی و نیگەرانییە، بریتییە لەو ئامانجە نهێنی و شاراوانەی کەلەپشت ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیاوە خۆیان حەشارداوە. کەخۆی دەبینێتەوە لەدروستکردنی پشتێنەی ئەمنی بۆ تورکیا لەقوڵایی ٤٠کم لەنێو خاکی هەرێمی کوردستاندا. هاوکات داگیرکردنی یەکجارەکی و نەکشانەوە لەو ناوچانەی کە دور لەهەر یاساو عورفێکی نێودەوڵەتی بنکەو بارەگای سەربازییان تیادا دامەزراندون. هاوکات بەهۆی بەردەوامی هێرش و پەلامارەکانی تورکیاشەوە زیانێکی زۆری گیانی و مادیی گەیشتوە بەسەرو ماڵی هاوڵاتیانی ئەو ناوچانە. ئەمەش زۆرێک لەگوندنشینان و هاوڵاتیانی ئەو ناوچانەی ناچارکردون، لەپێناو پاراستنی خۆیان، زێدی خۆیان وگوندەکانیان بەتەواوەتی چۆڵبکەن.

ئەوەی تەمەنی ئەم ئۆپەراسیۆنانەی درێژکردوەتەوەو دەستکراوەی زیاتری بەخشیوەتە تورکیا، بریتییە لەخەمساردی دەسەڵاتدارانی هەرێم و بەغدا، لەگەڵ نەبونی هەماهەنگی لەنێوان هەرێم و بەغدا بۆ دروستکردنی هەڵوێستێکی جدی و کۆنکرێتی، لەپێناو کۆتاپێهێنان بە راگرتنی ئەو پێشێلکاری و پەلامارانەی کەماوەی زیاتر لە ٣٧ ساڵە تورکیا، بۆ سەر سەروەری خاک و ئاسمانی عێراق و سەرو ماڵی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان ئەنجامیاندەدات. نەبونی چارەسەرێکی ریشەییش بۆ ئەم پرسە، ئاماژەیەکە بۆ بەردەوامبونی و دوبارەبونەوەی ئەم ئۆپەراسیۆنانەی تورکیا لەماوەی داهاتودا.

## لیستی سەرچاوەکان


١. گەیلان عەباس، گۆڕانکارییەکانی تورکیاو کاریگەرییان لەسەر پێگەی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی بنکەی ژین، ٢٠١٨، سلێمانی.

٢. الدكتور حنا عزو بهنان قضية حزب العمال الكردستاني وانعكاساتها على العلاقات العراقية – التركية - 2007 1984، رئيس قسم الدراسات التاريخية والثقافية/ مركز الدراسات الإقليمية /جامعة الموصل.

٣. رائد الحامد، حزب العمال الكردستاني في سوريا والعراق، معهد العالم للدراسات، ٢٠١٧.

٤. د.عقيل حفوض، تركيا و الأكراد: كيف تتعامل تركيا مع المسألة الكردية؟، مركز العربي للأبحاث و الدراسة السياسيةو، قطر، ٢٠١٢.

٥. د. سعيد الحاج، عملية السالم مع أكراد تركيا أمام مفترق طرق، مركز الجزيرة للدراسات، ٢٠١٦.

٦. گەیلان عەباس، تورکیاو ئامانجی ئۆپەراسیۆنەکانی، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.sbeiy.com/Dreje_birwra.aspx?jimare=2492&fbclid=IwAR17euWvNLFZpnYilO5CQ2JCgNnHzpXSqYIxj5EBIb9CcPKQL6wkH8FJh-Y

٧. کێ براوەی شەڕی پەکەکەو سوپای تورکیا دەبێت؟، پێگەی کۆمەڵایەتی فەیسبوکی ئێن ئارتی:
https://www.facebook.com/watch/?ref=saved&v=267103111208493

٨. تورکیا: تاوەکو لە عێراقەوە هێرشمان بکرێتەسەر، لە بەرگریکردن بەردەوام دەبین، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/050720202

٩. سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا نەخشەی هێزەکانی لە هەرێمی کوردستان بڵاودەکاتەوە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/turkey/06072020

١٠. لیژنەکەی پەرلەمان: تورکیا بەدرێژای ٤٠٠ کیلۆمەترسنوری زاخۆی بەزاندوە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.sbeiy.com/Details.aspx?jimare=25522&fbclid=IwAR0pqsHgc1gut2f4QBJATdX2n7NyBSbebFwGf8JN6go5eFBiU7D0UCgB2dU

١١. سوپای تورکیا لە نۆ شوێنی ستراتیژیی دەڤەری برادۆست جێگیربووە، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/2407202018?fbclid=IwAR0klkitQoXzjM2lyFsUVF024X-vu1XnmMVW9_-4rGTlnysWLz5UYsZ5b9g

١٢. بنکە سەربازییەکانی تورکیا لە باشووری کوردستان، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.rudaw.net/sorani/onair/tv/episodes/episode/8_o'clock_17032018

١٣. ئەندامێکی لیژنەی بەرگری: دەبێت عێراق پەنا بۆ بڕاردەی سەربازی دژی تورکیا ببات، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/iraq/120820204

١٤. زینێ وەرتێ لە ستراتیژی نوێی تورکیادا، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://kurdistantimes.org/2020/04/16/%D8%B2%DB%8C%D9%86%DB%8E-%D9%88%DB%95%D8%B1%D8%AA%DB%8E-%....

١٥. لە پێنج ساڵدا (٨٥) هاوڵاتی مەدەنی بەهۆی بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیاوە شەهید بون، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.sbeiy.com/Details.aspx?jimare=25401&fbclid=IwAR3jg2L2EjU8C2wPicKFGGGfaMTxJYPGUrVsvOuHUOkug1TuTHggvcCNcz4

١٦. جەبار یاوەر: گومانم لە ڕاگەیێندراوەکانی عێراق لەبارەی بۆردوومانەکانەوە هەیە، پێگەی ئەلیکترۆنی:

https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/2806202012

١٧. ڕاگەیەندراوێک لە گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێگەی ئەلیکترۆنی:

https://gov.krd/news-and-announcements/posts/2020/june/%DA%95%D8%A7%DA%AF%....

١٨. دەوڵەتی تورک ٣٧ ساڵە لە باشووری کوردستان کۆمەڵکوژی ئەنجام دەدات، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://anfsorani.com/%DA%A9%D9%88%D8%B1%D8%AF%D8...

١٩. وەزارەتی پێشمەرگە: تورکیا ٢٠ بۆ ٤٠ کیلۆمەتر و ئێران ١٠ کیلۆمەتر هاتوونەتە هەرێمی کوردستان، پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/2706202015

٢٠. دەوڵەتی تورک چەنێک هاتووەتە ناو باشوری کوردستانەوە؟ پێگەی ئەلیکترۆنی:
https://rojnews.news/%D9%83%D9%88%D8%B1%D8%AF%D8%B3%D8%AA%D8%A7%....

٢١. الجيش العراقي: لدينا عدة طرق للرد على تركيا، على الموقع:
https://www.alarabiya.net/ar/arab-and-world/iraq/2020/08/12/%D8%A7%D9%84%D8%AA...7

٢٢. العراق يتحدث عن الرد على الاعتداء التركي، على الموقع:
https://arabic.sputniknews.com/arab_world/202008121046258391-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%...

٢٣. بيان صحفيّ وزارة الخارجيّة على الموقع:
https://www.mofa.gov.iq/2020/08/?p=16451

٢٤. بيان صحفي وزارة الخارجيّة، على الموقع:
https://www.mofa.gov.iq/2020/08/?p=16457

٢٥. بعد خريطة الـ٣٧ موقعا.. ماذا تريد تركيا من العراق؟ على الموقع:
https://www.skynewsarabia.com/middle-east/1359532-%D8%AE%D8%B1%D9%8...

٢٦. 37نقطة عسكرية تركية داخل إقليم كردستان، على الموقع:
https://www.skynewsarabia.com/video/1359399-37-%D9%86%D9%82%D8%B7...

٢٧. بحماية أكثر من ١٥ طائرة.. وفد أميركي يزور مواقع العمال الكردستاني بشمالي العراق، على الموقع:
https://www.aljazeera.net/news/2020/8/3/%D8%A8%D8%AD%D9%85%D8%A...

٢٨. أحزاب عراقية تحذر تركيا من تأسيس حزام أمني، على الموقع:
https://ahvalnews.com/ar/ahzab-raqyt-thdhr-trkya-mn-tasys-hzam-amny/altdkhl-altrky-fy-alraq?fbclid=IwAR17_bX4kRuH6KmydOSpHsU9d9Q8RhK_wATorO3UA0OSTWf4avA24rVox8E

٢٩. حزب العمال الكردستاني وتركيا: حرب دامية وعشرات آلاف الضحايا وآلاف القرى المدمرة، على الموقع:
https://www.bbc.com/arabic/middleeast-53067339

٣٠. محطات من صراع تركيا وحزب العمال الكردستاني، على الموقع:
https://www.aljazeera.net/encyclopedia/events/2017/4/26/%D9%85%D8%AD...

٣١. أزمة بغداد وأنقرة.. الخارجية: تعاملنا بالمثل مع تركيا رد على انتهاك السيادة، على الموقع:
https://www.mawazin.net/Details.aspx?jimare=118452

٣٢. هل زار رئيس مخابرات تركيا العراق سرا.. ولماذا؟، على الموقع:
https://arabi21.com/story/1278303/%D9%87%D9%84-%D8%B2%D8%A7%D8%B...

٣٣. تقاسم النفوذ مع إيران.. سر زيارة رئيس المخابرات التركية للعراق؟، على الموقع:
http://albaghdadiyagroup.com/news/akhbar-iraq/tqasm-alnfoz-ma-eran-sr-zeart-res-almkhabrat-altrket-llaraq

٣٤. رئيس المخابرات التركي في بغداد لتعزيز العلاقات بين البلدين، على الموقع:

https://aliraqnews.com/%D8%B1%D8%A6%D9%8A%D8%B3...

**٣٥. الأمم المتحدة تحذر من التصعيد بين العراق وتركيا، على الموقع:**
https://www.alarabiya.net/ar/arab-and-world/iraq/2020/08/13/%D8%A7%D9%84%D8%...

**٣٦. البرلمان العراقي يصدق على قرار يلزم بإخراج القوات الأجنبية، على الموقع:**
https://www.aljazeera.net/news/politics/2020/1/5/%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82-%D8%A7%D9....

**37. TURKEY HAS 37 'MILITARY POINTS' IN NORTHERN IRAQ (MAP UPDATE)**
https://southfront.org/turkey-has-37-military-points-in-northern-iraq-map-update/